**جەبار فەرمانی، فەرماندە ... محمودسەنگاوی**

هاوڕی و فەرماندەم کاك جبار فەرمان باوەڕبکە ئێستا لە ناخەوە دەسوتێم کە بۆچلە کەت ئە م ووتارە ئەنوسم، بمبورە سەرکردە ماندوونە ناسەکە کە ئەگەر هەرکرچ وکاڵیەك بە نوسینەکەمەوە دیاربێت، چونکە دڵنیابە گریان و کە فوکوڵی ناخم ڕێگە نادات بیرو قەڵەمەکەم جوانترین ڕستە بۆیادی سەرگردەیەکی قاڵبوی خەباتی سیاسیو چەکداریو زیندان و ئیداری وەك تۆ بنوسێت، گەرچی دڵنیاشم هەرچی ووشەی نا و گەورە فەرهەنگەکانی دنیا هەیە ناتوانن مشتێك لە گەورەی خەباتی تۆ پێناسە بکەن.

کاکە جەباری سەرکردەی هەمو شێوازەکانی خەباتی کوردایەتی، شێرە پیاوەکەی زیندانە تاریکەکانی بەعس، مامۆستای بواری خەباتی پێشمەرگانەوژیانی کۆمەڵایەتیو دبلۆماسی، زۆر ئەستەم بوو تۆی فەرماندە لەم کاتەدا بەجێت هێشتین، کە گەلە کەمان لە قۆناغێکی چارە نوسازی نەتەوەیدایە وزۆر پێوستمان بە ڕێنمای و دبلۆماسیەت و توانای سەربازی بێ وێنەت بوو، بۆقوتاربوون لەو پیلانە گلاوانەی کە تائێستاکەش شۆڤێنرمی عەرەبیو توندڕەوی ئیسلامی لەدژی ئەزموونەکەمان دەیگێڕن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردایەتی کوردوهەندی لایەنیتر خوێنی شەهیدەکان و ماندووبونی دەیان کەلەسەرکردەو پێشمەرگەی وەك تۆوە و نیشتمانەکەمان ئازادە بە کەرکوك و شەنگاو شێخان و مەندەلی و خانەقینەکەی زیدی تۆیشەوە، بەڵام بەردەوام هێزە ناسێونالیستەکانی عەرەب کە پێشتر وەك ئۆپۆزسێون کاریان دەکرد، ئامادەنین ئەم سنورە نەتەوەییە بناسێنن، بگرە هەندێکیشیان وەك بە عسیەکان بیردەکەنەوە لەمەسەلەی چارەسەرەی کێشەی سنوری کوردستان و داهات و یاسای نەوت و غاز، لە لایەکی تریشەوە توندڕەوی ئیسلامی بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی بووەنەتە مەترسیەکی گەورە لە سەرئاسایشی هەرێمەکەمان، هەربۆیەش دەڵیم هاورێم کاك جەبارفەرمان کۆچەکەت ناوادەبوو چونکە تۆ خاوەنی خەرمانێك لە ئەزموون بوویت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم نەیارانەدا.

بەحەق جوامێرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رابردووت شاهیدە لە سەر قارەمانیەتیو لە خۆبردووی و گیانبازیت لەمەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەدا، نەخشەیسەربازی وو توانا سەرسوڕهێنەرەکەت دوژمنی لەهەموو بەرەکاندا بە چۆکدا ئەهێنا، بۆیە زۆریك لە سەرکەوتنە گەورەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان فەزڵەکەی بۆ سەرکردایەتی تۆ دەگێڕتەوە، یان فریادرەسی ڕزگارکەری یەکێتی بوویت لە زۆرێك لەو تەنگژانەی تێکەوتووە بەتایبەتی لەمەیدانەکانی جەنگ و پێکدادانی سەربازیدا.

(ئەواجەبارفەرمان هات) چ پەیامێکی پشت شکێن بوو بۆ هێزی دوژمن ئەگەر لەترۆپکی سەرکەوتنیشدا بووایە دەبوونە بنچکی دەم ڕەشە با، هاوکات چ وورەیەکی مەعنەوی گەورە بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە ئەگەر لە پاشەکشێشدا بووبن، هەریەکە دەبوون بەکێوێك لە بەرگری ئەمەش لە خۆڕا نەبوو بەڵکو لە متمانەی هەمووان بوو بە توانای سەربازی هەڤاڵ جەبار فەرمان، کە لە هەموو نەبەردییەکاندا ئەم واقعەی سەلماندبوو.

ئەوەی ئەمەوێت تایبەتی کەم بە ژیانی تایبەتی کاك جەبار فەرمان، ئەوە بەندە لە سەرەتای ساڵی 1984وە پەیوەندییەکی تایبەتم لە گەڵ ئەم فەرماندەیەدا هەبوو، چونکە لە لایەکەوە لێپرسراوم بووە و لەلایەکی تریشەوە هاوڕی یەکی خۆشەویستم بووە، ئەو دوای ئەو هەمووئەزموونە تاڵەیکە لە زینداندا چەشتی، ببوەوە پێشمەرگەیەکی ئەم گەلە، لەگەرمیانەوە تاکۆیستان ئەرك وبەرپرسیارێتی پێدرا، هەرلە ئەرکی سەربازییەوە بیگرە تا کاری سیاسی و دیبلۆماسی وئیداری ورێکخستن وکۆمەڵایەتی، لەهەریەکێکیاندا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەستئەهێنا، ئەمەش وای کرد زۆر پۆستی باڵای خزبی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

حکومی بگرێنە دەست تا بووە بەئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری فەرماندەی گشتی لە حیزبدا، لە ئەرکی حکومیشدا گەیشتە پۆستیجێگری سەرۆکی حکومەت و بگرە لە هەندی کاتدا زیاترلە دوو وەزارەتی بەرَیوەبردووە، کە ئەمەش شانازییەکی ترە بۆکاك جەبار.

هەڤاڵ کاك جەبار کۆچی ناوادەت دۆست وهەڤاڵەکانتی لە ناخەوە هەژاند، بەڵام مردنی سەرکردەیەکی وەك تۆ کە هەموو ژیانی بۆ خەبات لە پێناو کوردو کوردستاندا تەرخانکربوو، جیاوازە لە هەرجۆرە مەرگێکی تر، گەرچی بە جەستە بەجێتهێشتین بەڵام بەرۆح لە دڵی هەموو پێشمەرگەیەد ا ئەژیت، هەرسەرمەشق و هەر مامۆشتای، گەرچی ئێمەی دەستەوەستانین لە بەرامبەر پەتای مەرگدا تاڵییەکە دەبێت هەمووان بیچێژین، بەڵام کەم کەس دوای مەرگ وەك تۆ، سەدان خوێندکاری بۆقوتابخانەی کوردایەتی پێگەیاند، کە دڵنیابە خوێندکارە کانت ووشیارو بەوەفان بۆرێبازەکەت.

سەرکردەی ڕۆژەسەختەکانی خەبات، فیلەتەنکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گەلێك وانەی بەئەزموون لە تۆوە فێربووین کە لە ژیانی هەرمرۆڤێکی شۆرشگێردا پێویستن، وەك ئەوەی فێرت کردین کە دوژمنان باش بناسین، سەنگەرە کان باش قایم بکەین، هەڵنە خڵەتێین، فێرت کردنی کە سەرکەوتنەکانی شەڕو ئاشتی بەندە بەخۆڕاگریلە بەرامبەر سەختیەکانی چەند ساتێکی کەم، فەَیرتکردنی کە ئێمە لە سەرحەقین و دومنان دەیانەوێت ئازادیمان زەوت بکەن، واتلێکردنی کە دۆڕان و کۆڵنەدان لە فەرهەنگماندا نەبێت، چونکە ئەوەت لە ناخدا چاندبووین کە لەدەست دانی ڕۆحیشمان لە پێناو کوردایەتیدا هەرسەرکەوتنە بۆئێمە،

ئێستا (گەرمە سێر) رەشپۆشە بۆلەدەستدانی تۆی سەرکردە، و زۆریش پێویستی بە تۆیە بۆ ڕزگاربوونی یەکجارەکی لە تەعریب، (کەرکوك) بەو هەمووئازارەی خۆیەوە لە دەستدانی تۆ هێندەی تر ناخی رەشکرد، ئێشتا (شەنگار) بەو کۆستە گەورەیەی خۆیەوە، بەکۆچی تۆ وێرانتربوو، چونکە هەم گەرمە سێر هەمیش کەرکوك هەمیش شەنگار چاولەرێگەی گەرانەوەن بۆ ئامێزی نیشتیمان، بەڵام شۆڤێنیەکان ئەو مافەیان پێ ڕەوا نابینێت، کە دڵنیاین هزرو باسکت بۆئەو ئاواتە دەخستەکارو وەك هەر کارێکی تر سەرکەوتنیش ئەنجامی دەبوو، بەڵام مەخابن نەخۆشی و مەرگ رێگەی نەدایت، ئازادی ئەو ناوچانە ببینیت، ئێستا سەنگەرە سەوزەکەی یەکێتی نیشتیمانی بی تۆی پێوە دیارە، هێزەکانی پاراستنی هەرێمیش بی تۆییان پێوەدیارە......

بەڵام ئارامی لە ئامێزی دایکی نیشتیماندا راکشی ئەی فەرماندە ئەی سەرکردە، چونکە خەباتی مللەتەکەمان بەرهەمدار بووە، گەرچی هێشتا زۆرمان ماوە، بەڵام دڵَنیابە کاروانەکە بەردەوامە تا دوا ئامانج راناوەستین بەتایبەتیش لە سەرجیبەجیکردنی ماددەی 140کە ناوەڕۆکەکەی هەمان ئاواتە کەتۆ خەباتت بۆدەکرد، گەرچی وولات لە گەشەسەندنێکی گەورەی ئابووری و ئاوەدانیدایە بەڵام مەترسی شۆڤێنیەت وتیرۆرستی ئیسلامیبەردەوامەا بۆیە دەبێت زیاتر لە هەرکاتی لە ئێستا ی خەباتماندا سوودلە نەخشەو وفکرەکانی تۆ وەرگرین .....

هاورێم کاك جەبار فەرمان، لە چلەکەدا جگە لەوە بە لێن دەدەین کە تادوادلۆپی خوێنمان بەردەوام بین لە سەرخەباتکردن بۆکوردوکوردستان، تۆ وشەهیدان ئەکەین سەرمەشقی کار، لە خزمەتی بەدیهێنانی ئامانجی تۆ هەمووشەهیدەکاندا دەبین، کە ئازادییە

یادت بەخێرو رێگات پڕ رێبوار

ئەی جوامێرەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.